ئایا بۆت باشتر نەدەبوو ئەگەر نوێژ ئەنجامبدەیت -بە خوێندنی- : سَبِّحِ اسم ربك الأعلى، والشمس وَضحَاهَا، والليل إذا يغشى؟ چونکە لە پشتی تۆوە بەتەمەن، ولاواز، وخاوەن پێویستی نوێژ ئەنجامدەدەن

لە جابرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «موعازی کوڕی جەبەل: لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی عیشای ئەنجامدا، پاشان گەڕایەوە بۆ لای قەومەکەی، لەو نوێژەدا پێشنوێژی بۆیان دەکرد». ولە گێڕانەوەیەکدا: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە موعازی فەرموو: «ئایا بۆت باشتر نەدەبوو نوێژ ئەنجامبدەیت -بە خوێندنی- : سَبِّحِ اسم ربك الأعلى، والشمس وَضحَاهَا، والليل إذا يغشى؟ چونکە لە پشتی تۆوە بەتەمەن، ولاواز، وخاوەن پێویستی نوێژ ئەنجامدەدەن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ماڵەکانی بەنی سەلەمە، ئەو کۆمەڵەی موعازی کوڕی جەبەل لەگەڵیان نیشتەجێ بوو لە شوێنێک بوون لە دەورووپشتی مەدینە، وموعاز -ڕەزای خوای لێبێت- زۆر حەزی بە خێر وچاکەکاری بوو، وسوور بوو لەسەر ئەوەی ئامادەی نوێژکردن بێت لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەمیش بەهۆی خۆشەویستی بۆ فێربوونی زانست، پاش ئەوەی نوێژی فەرزی عیشای لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامدا، پاشان گەڕایەوە بۆ لای قەومەکەی، لە نوێژی عیشادا پێشنوێژی بۆیان دەکرد، بۆ موعاز سونەت بوو ولەسەر ئەوان فەرز بوو، وئەمیش بە زانینی پێغەمبەر بوو -صلى الله عليه وسلم- وڕازی بوو لەسەر ئەم کردەوەیە، بەڵام جارێکیان قورئانی زۆری خوێند لە کاتی نوێژکردندا، وشەریعەتی ئیسلامی ناسراوە بە لێبووردەیی وئاسانکاری ولابردنی ناڕەحەتی بۆئەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی ئەرکەکانیان لەسەر قورس نەبێت. کاتێک هەواڵی ئەوە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە موعاز قورئان زۆر دەخوێنێت لە کاتی نوێژدا؛ ڕێنموێنی کرد بۆئەوەی نوێژەکە پوخت بکاتەوە، ئەمیش بە خوێندنی سورەتە مامناوەندەکان لە درێژیدا وەکو -خوێندنی- : (سَبِّحِ اسم ربك الأعلى) -سورەتی الأعلى-، (والشمس وَضحَاهَا) -سورەتی الشمس-، (والليل إذا يغشى) -سورەتی الليل-، چونکە ئەو پێشنوێژی دەکات بۆ کەسانێک کە لەوەیە لە تەمەندا گەورە بن، یان لاشەیان لاواز بێت وتووشی ئازار ببن بەهۆی زۆر ڕاوەستانەوە، وهەروەها لەوەیە کەسانێک لە پشتیەوە بوون کە خاوەن پێویستی بن کە دەبێت ئەنجامی بدەن، بۆیە باشتر وایە کە نەرمونیان بێت ونوێژەکە پوخت بکاتەوە ئەمیش وەکو ڕەچاوکردنێک بۆ مافی ئەم کۆمەڵانە لە مسوڵمانان، بەڵام ئەگەر مسوڵمان زانیاری هەبوو سەبارەت بە حاڵی نوێژخوێنەکان کە دەتوانن بۆ ماوەیەکی زیاتر بەپێوە بوەستن یان بە تەنها نوێژی کرد؛ ئەوا ئاساییە نوێژەکەی درێژ بکاتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5392